# سروتی ئیمزاکردنی دیوانی( قوبادی جەلی زادە)

**کارگەر عەلی**

دووشەممەی رابردوو لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە لەهۆڵی کتێبخانەی گشتی سلێمانی سرووتی ئیمزاکردن لەسەر دیوانی شاعیری جوانناس‌و مرڤ دۆست

( قوبادی جەلی زادە) سازکرا، لەم سرووتەدا کە نەریتێکی نوێیە بۆ رێزگرتن لەکتێب ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەدیبان‌و نووسەران ئامادەبوون، لەدەسپێکی سرووتەکەدا وەزیری رۆشنبیری ئاماژەی بۆئەوە کرد کەئەمە یەکەم جارە ئەم یادە بۆ کتێبێك سازدەکرێت، هەروەها خۆشحاڵی خۆی دەربڕی‌و گوتی: رێزلێنان لەکتێب رێزلێنانە لەنووسەرو خوێنەریش .. هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە رێزلێنان لەکتێبی قوباد رێزلێنانە لە ستایلی تایبەتی شیعری کەئەو ناوی نا شیعری قوبادی.

قوبادی شاعیریش لە پەیڤێکیدا ئاماژەی کرد بۆ دنیا جوانەکەی ژن‌و گووتی: بەبۆچونی من شەهید بوون لەپێناو عەشقی ژندا سەدجار مەزنترە لەشەهید بوون لەپێناو عەشقی نیشتماندا.. پاشان قەسیدەیەکی بۆ ئامادەبووان خوێندەوە.

دواتر وەزیری رۆشنبیری چەپکە گوڵی رێزلێنانی بەخشیە شاعیرو شاعیریش خەڵاتەکەی بەخشییە ( نازدار) خانی هاوسەری‌و پیچکەوە کیچکی یادەکەیان لەتکرد.. لەکۆتایی مەراسیمەکەدا قوباد ئیمزای لەسەر چەنددانەیەکلەدیوانەکەی کرد.

لای هەموان ئاشکرایە قوباد یەکێکە لەو ستایلە شیعرییە نوێ‌و جدیانەی ئەمرۆی دونیای شیعری کوردی کەبۆخۆی خاوەن شێوازو تایبەتمەندێتی خۆیەتی‌و لەوبوارەدا توانیویەتی خۆی بگەیەنێتە دواین لوتکەی داهێنان‌و لەرێگەی زمانی‌سادەو وێنەی مانادارو پڕ واتاوە ئاستی جوانی‌و چێژ لای خوێنەرانی بگاتە ئاستی سەرسوڕمان.